کورد و پرۆژەی یاسای نەوت و غازی کۆماری ئێراق

بەشی یەکەم

پرۆژەی یاسای نەوت و غازی حکومەتی فیدراڵی کۆماری العراق لە 2007/2/15 بەفەرمی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی بەغداوە پەسەند کراو ڕاگەیەندراو درا بە ئەنجوومەنی نوێنەران. لە وتارێکماندا لەڕۆژنامەی «هاوڵاتی»، کاتی خۆی، ئاماژەمان بە لایەنە پۆزەتیڤەکانی کرد. جگە لەڕەخنە (گشتییەکان)، کە هەر لەو نوسینەماندا باسمان کردبوو، ناوەڕۆکی ئەم پرۆژەیە، ژمارەیەکی زۆر لەپسپۆرانی بواری نەوت و ئابووریی ناوخۆ و بیانیش، کۆکن لەسەر ئەوەی کە هەنگاوێکە بۆ دواوەوە، بەتایبەتی سەبارەت بەکەرتی پیشەسازی نەوت و، ڕێبازی بەرخودان و ململانێی گەلانی ئێراق دژبە بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان و کۆمپانیا ئیحتیکاریەکانی بەدرێژایی زیاتر لەنیو سەدەی رابردوو.

جەوهەر نامیق سالم

ئەم پرۆژە یاسایەو، بەو دەقەی کە لەبەردەستدایە و، لە ژێر پەردەی دارمانی ژێرخانی ئابووری و پێویستی ئاوەدانکردنەوە و خاسکردنی بارو گوزەرانی خەڵکی ئێراق و نەهێشتنی بێکاری و توندوتیژی، و نەبوونی سەرمایە، دەرگای کەرتی نەوت و غازی ئێراقی ڤاڵاکردووە بۆ کۆمپانیا بیانییەکان، و بە تەحدید ئەوانەی کە لە ساڵی 1961 و بەپێی یاسای ژمارە 80 و یاسا و بڕیارەکانی پاش ئەو سەردەمە لەمەڕ نەوت، لە دەرگای ئەم وڵاتە دەرکران و، ئەم کەرتە خۆماڵی کراو، بە توانای خۆماڵی و کرێنی خزمەتگوزاری بواری نەوت لە وڵات و کۆمپانییەکان، بۆ ماوەی نیو سەدە ئەم کەرتە بەرێوە دەچێ بە ئێستایشەوە، تاکو ئەو رادەیەی توانرا ئاستی دەرهێنانی نەوت رۆژانە لە 4 ملیۆن بەرمیل تێپەربێت و، بە هەمان شێوە پاش شەڕی 8 ساڵەی ئێراق لەگەڵ ئێران و شەڕی کوێت 1991، سەقفی دەرهێنانی نەوت رۆژانە بگاتە سنووری 3 ملیۆن بەرمیل، لە کاتێکدا ئەم وڵاتە گەمارۆدرابوو، ناڵە ناڵی بوو لە دەستی دیکتاتۆرێکی وەکو سەدام و رژێمە رەفتار فاشییەکەی...

ئەوەی لەم باسەماندا بەلای ئێمەوە گرنگ بێت، مافەکانی خەڵکی کوردستانە سەبارەت بە سەروەت و سامانی نەوتەکەی، بەپێی ناوەڕۆکی ئەم پرۆژە یاسایەی باسی دەکەین.

جێگای داخە تاکو ئێستا لایەنی فەرمی کوردستان، نەک هەر خۆیان بێدەنگن، بەڵکو زۆربەی زۆری کەناڵەکانی راگەیاندنەکانیشیان کپکردووە، سەبارەت بە گیروگرفتی نەوت و غازی ناوەند و کوردستان، لە کاتێکدا دەسەڵاتی ناوەند خوازیاری ئاودیوکردنێتی لە ئەنجوومەنی نوێنەران وەک چۆن بەخشپەکی لە ئەنجوومەنی وەزیران دەربازکرا. خەڵکی کوردستان ئاگادار نییە لە:

1 ـ لە چۆنییەتی لەدایکبوونی ئەم پرۆژە یاسایە و ئەو قۆناغ و فلتەرانەی کە پێیدا تێپەڕبووە.

2 ـ ناوەڕۆکی دەقی ئەم پرۆژە یاسایە بە گشتی، وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و، بۆ شیکردنەوەی لە رێگای رۆشنبیرانی کوردستانەوە، چ ئەوانەی پسپۆرن لە بواری پیشەسازی نەوت و ئابووری و یاسا، و چ سیاسەتوانان و چاودێران..

3 ـ ئایا ماف و داخوازییەکانی گەلی کوردستان، لە روانگەی ئەم پرۆژە یاسایەوە، بە مادە و بڕگە دیاریکراوە...؟

4 ـ ناکۆکییەکانی نێوان دەسەڵاتی فەرمی کوردستان و ناوەندی بەغدا، لەمەڕ سەروەت و سامانی کوردستان بەتایبەتیش، نەوت و غاز، چ لە دەستوور و چ لەم پرۆژە یاسایە و، ئایا تا کوێ سازشکاری کراوە و کامەیە خەتی سوور...؟

خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە لافاوی رەخنەو داکۆکی سەرانی ئێراق لەمەڕ ئەم پرۆژە یاسایە، دۆش داماون. نازانن ناوەڕۆکی ئەم پرۆژەیە چییە؟!. تاکو کوێ مافی پارێزراوە؟!. تێناگات بۆ سەرانی وا ئاڵۆز دەبن کاتێک ئاماژە بەم بابەتە دەکرێت. بۆ گاهێک دەڵێن گوایە هیچ نەماوە لە نێوان ئەوان و ناوەندی دەسەڵات سەبارەت بەم پرۆژەیە، و گاهێک دەڵێن گوایە ئەم پرۆژە قبووڵ ناکەن، و گاهێکی دیکە دەڕۆن بۆ بەغدا بۆ دانوستاندن لەسەر ئەم پرۆژەیە، لە کاتێکدا:

* پرۆژەکە لە قۆناغی داڕشتنەوەو پەسندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی ناوەندی بەغدا تەواوبووەو، دراوە بە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق...!

* بەپێی قسەی سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە 9_5_2007، لایەنی کوردستانی بەشداربووە لە داڕشتنی پرۆژەی یاساکەو، هەرواشە، ئەی مەگەر سەرۆکی لیژنەی داڕشتنەوەی ئەم پرۆژە یاسایە، جێگری سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێراق«د. بەرهەم ساڵح»نەبوو....؟!

* باشە ئەگەر خیلاف هەیە چییە و لەسەر چییە..؟

بۆ ئێمەی کوردی کوردستانی باشوور، بەتایبەتی، ئەوەندە خەمخۆرو بە پەرۆش و عەوداڵی ئێستا و دوا رۆژی کالای نەوت و غازی کوردستانین؟ ئەمە پرسیارێکە و لە وەڵامیدا دەشێ بڵێین: دەکرێت ئەم خەمخۆری و ترس و پەرۆشیمانە کۆکەینەوە لە چەند خاڵێکی سەرەکی لەوانە:

1 ـ هۆکاری سەرەکی داگیرکردنی کوردستان و، دابەشکردنی لەسەر دەستی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمەریکا لە دوو بەشەوە بۆ چواربەش، لە پاش شەڕی جیهانی یەکەم، نەوت و سەروەت و سامانی نەوت بوو. ئەمڕۆش مەترسی ئەوە هەیە لە ژێر چەتری «داگیرکەری ئەمریکی بەشی باشوورمانیش دابەش بکرێت..!

2 ـ هەر نەوت و سەروەت و سامانی نەوت بووە هۆکاری دروستبوونی ئەم ئێراقە بە سنوور و پێکهاتەی ئێستای و لکاندنی کوردستانی باشوورمان بەم کیانە داتاشراوەوە....

3 ـ هەر کالآی نەوت بوو، وەک یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی داکۆکی زلهێزەکانی جیهان و هاوکاری و بگرە دروستکردنی ئەو رژێمانەی ئەوسا و ئێستا، بە ئەم ئێراقەیشەوە، کە کوردستانیان داگیرکردووە و ، ئێستاش دان بە گشت مافەکانی خەڵکی کوردستان نانێن و، نەتەوەکەمان دەچەوسێننەوە و، هەندێکیشیان نەک هەر نکۆڵی لە بوونی کورد و کوردستان دەکەن، بەڵکو هەمیشە لە ئامادەباشیشدان بۆ رێگاگرتن لە هەر هەنگاوێکی پۆزەتیڤ لەمەڕ چارەسەرکردنی، یان پشتگیری لە کێشەی کورد لەم پارچە، یان ئەوەی دیکەی کوردستان، یان لە دەرەوەی وڵات، لە نێو ئەوانەشدا حکوومەتی تورکیا لە هەموویان بەقینتر و نەیارترە..

4 ـ کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا بە تەحدید، لە پشتی تاڵانکردنی سەروەت و سامانی نەوتی کوردستانی باشوورمان بوون بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە و سەرەتای ماکی تەعریب و ئاژاوەنانەوە دژ بە کوردو، هاوکارو پشتیوانی رژێمەکانی ئێراق بوون تاکو دەسەڵاتیان بەسەر ئەو نەوتەدا هەبوویێت. بە گەڕانەوەی بەرژەوەندییەکانیان دیسان مەترسی ئەو هاوکاری و پشتگیرییە لە ئارادا دەبێت..!

5 ـ فاکتەری سەرەکی هاندەری«داگیر»کردنی ئێراق بە کوردستانی باشوورمانیشەوە لەلایەن ئەمریکا لە ساڵی 2003، هەر نەوت و غاز و داهاتەکەی بوو. ئەو داگیرکردنەی کە سەرۆک کۆماری ئێراق بەڕێز«جەلال تاڵەبانی» پێناسەی کردووە بە«احتلال ذات عواقب وخیمە»و،«ئێراق»ی کردوەتە خاڵی جەزبی ئیرهابی جیهانی بە کوردستانیشەوە...

6 ـ لە سەرەتای دامەزراندن و دروستبوونی ئەم ئێراقە تەنها داهاتی نەوتی کوردستان هۆکاری سەرەکی ژیان و بنیادنانەوەی ئەم کیانە داتاشراوە بوو، ئەمڕۆش هەر ئەو داهاتەیە بووەتە یەک لە سەرچاوە گەورەکانی دامەزراندن و دروستبوونەوەی، بە تایبەتی لەڕووی جەنگی و دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکانی. بۆ نموونە: **«داهاتی ئێراق لە ناردنە دەرەوەی نەوتی خاو لە نێوان ساڵانی«1931_1949»بڕی«136»ملیۆن دۆلار بووە و، پشکداری هەرێمی کوردستان لەو بڕە پارەیە«136»ملیۆن دۆلاربووە، واتا 100٪ داهاتی ئێراقی ئەو سەردەمە نەوتی کوردستان بووە، جگە لە کشتوکاڵ..».**

هەروەها لە نێوان ساڵانی 1950 ـ 1955 رێژەکە لە سنووری 81٪ بووە، لە نێوان ساڵانی 1978_1990 کەمتر نەبووە لە رێژەی 78٪.

7 ـ هەر لەبەر سەروەت و سامان و سەرچاوەی نەوت و غازە کە شێوەیەتی، تاکو ئەمڕۆ ئەم ئێراقە بە کوردستانی باشورمانیشەوە نائارامە...!
8 ـ یەدەگی نەوتی ئێراق ئەگەرچی«سابیتەکەی بە 115 ملیار بەرمیل مەزندە کراوە، بەڵام ئەوەی«موحتەمەل»و ئەوەی«ئایندە»ی، مەزەندە دەکرێت بە«150+100=250»ملیار بەرمیل بەمەش کۆی گشتی یەدەگی نەوتی ئێراق لە 300 ملیار بەرمیل تێدەپەڕێت و، بەپێی دیدی پسپۆرانی ئەم بوارە، ڕۆژێک دێت نەوتی جیهان تەواو دەبێت، وەلێ دوا بەرمیلی لە ئێراق دەبێت و، لە ئێراقیش دوا بەرمیلی لە کوردستان دەبێت.
9 ـ تاکو ئەمڕۆش داهاتی نەوت لە سنووری «95_98٪»ی بودجەی کۆماری ئێراق پێک دێنێت کە(42 ملیار دۆلار»ە، و بودجەی هەرێمی کوردستانیش(100٪)پشت بەستە بە بودجەی ناوەندی بەغدا.
10 ـ لەسنووری«51٪»خاکی کوردستانمان لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە و، هەر هەموو ئەو ناوچانەش ناوچەی«نەوت و غاز»و سەرچاوەی کانزای دیکەن. جێگای داخە بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەکەمان سەرانی فەرمی، دانیان بەوەدا ناوە کە ئەو نزیکەی(51٪)ی خاکی کوردستانی باشوورمان ناوچەی«نیزاع»ن،«المناطق المتنازع علیها»، لە نێوان کورد و دەسەڵاتی ناوەندی بەغداو، کە لە واقیعدا لە نێوان کورد و نوێنەری عەرەبی ئێراقی زۆرینەیە، ئەمەش لە دەستووری هەمیشەیی ئێراق تەسبیت کراوە و خەڵکی کوردستانیش ناچارکرا پەسندی بکات«مەبەستم ئەو ڕێژەیەیە کە دەنگی دا بە«بەڵێ»بۆ دەستووری هەمیشەیی لە کۆی گشتی ئەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەبوو لە کوردستان». واتە«بەدرە، جسان، مەندەلی، خانەقین، گشت ناوچەکانی کەرکووک، مەخموور، زۆربەی هەرە زۆری پارێزگای مووسڵ و بەتایبەتی شێخان، زوماروتەلەعفەر، شنگار... هتد»کە هۆکاری دابڕانیان لە هەرێمی کوردستان و تەعریبکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ نەوت، وەک فاکتەری سەرەکی. دەسەڵاتی ناوەند هەمیشە لە هەوڵی قووتدانی ئەو ناوچانەن. تەماشای ئەمڕۆ بکەین کە چۆن کۆسپ دروست دەکەن لە بەردەم پرۆسەی گەڕانەوەیان و مردارکردنەوەی نەخشەی ڕێگای چارەسەرکردنەکان، یان هەر وا مانەوەیان وەکو ئێستا، یان چارەسەرکردنیان بەشێوەی«پارچە پارچە»کردنیان نەک وەک یەک پاکێت، بۆ ئەوەی ئەم«پارچەیە»کە ئەمڕۆ قووت نادرێت لە دەرفەتێکی دیکەدا قوتی دەن. بڕوانە پارێزگای مووسڵ، ڕۆژئاوای تەعریب کراو تەواوبوو، ئێستا تەعریب ڕوویکردوەتە ڕۆژهەڵاتی. لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو«حەویجە»گوندێکی بچووک بوو، عەرەبیان تێدا نیشتەجێکرد، ئەمڕۆ دوو«قەزا»یە. پاش 2003 تەعریبی جەلەولا گەیشتە لوتکە و بەردەوامە. خۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە لە سنووری«49٪»ەو، ئەمڕۆ بە فەرمی پێی ئێژن «هەرێمی کوردستان»زۆربەی هەرە زۆری، ئەگەر گشتی نەبێت، ناوچەیەکی«پڕ لە نەوت و غازە»، بۆ بە دووری بزانین عەرەبی«ڕەسەن»و«ناڕەسەن»ی ئەمڕۆ، بە پشتیوانی، یان بێ پشتیوانی«دۆستان»، لەگەڵ هەندێ گۆڕینی باردۆخەکە، نابنە بنکە و

سەردەمی تەوژمێکی دیکەی تەعریبکردنیان...
11 ـ لە هەموو رووبەڕووبوونێکدا لەگەڵ نەیارانی کورد و بگرە«دۆستان»یشی، لەمەڕ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانمان و، جەختکردن لەسەر سنووری کوردستان، فاکتەری نەوت دەکەن بە بەهانە و گوایە داکۆکی کورد لە نەهێشتنی تەعریب و دیاریکردنی سنووری جوگرافی و مێژووی کوردستانی باشوورمان، و راستکردنەوەی ئەو غەدرە مێژووییەی کە دەرحەق بە ئێمەی کورد کراوە و، خودی هەمان زلێهزی ئەوسا و ئێستا، راستەوخۆ لێی بەرپرسیارن، لەبەر نەوتی ئەو ناوچانەیە.. لەوەش سەیرتر سەرانی فەرمی کورد بە توندی رەدی ئەو«تاوانە»دەدەنەوە و نکۆڵی لێ دەکەن، وەکو ئەوەی بە راسانی جەختکردنی لەسەر ئەو سەروەت و سامانە و داواکردن و پێداگرتن لەسەری و، تاوانبارکردنی«بەرامبەر»، چ دەسەڵاتی ناوەندی کۆن و نوێ بێت، یان بە ناو«دۆستان»کورد، تاوانێک بێت. مەگەر هەر نەوت و سەروەت و سامانی نەوت و غاز و کانزاکانمان لە پشت داگیرکردنی و دابەشکردن و بەعەرەب کردنی کوردستان و تێکدانی ژێرخان و سەرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتیمان نەبووە...؟! ئەگەر نەوت نەبێت وەکو هۆکاری سەرەکی دەبێت چبێت وا لە عەرەبی برامان بکات بە کۆنەپەرست و پێشکەوتووخوازیان بە عەلمانی ئوسولیان بە سوننە و شیعەیان بە نەتەوەپەرست و جاش لیبراڵیان ئێژین دەبێت چی دیکە بێت هۆو هۆکار جگە لە نەوتەکەی ئەو ناوچانە کەوا لە برا ئازیزانمانە بکات ئەوەندە هۆگری خاکی کوردستان بن..؟!
نکۆڵی کردنی هەندێ لە سەرانی لەم راستیە نە خۆیان و نە بەرامبەریان قایل دەکات بە پێچەوانەوە گومان دەخاتە سەر بۆچوون و هەڵوێستی دیکەشیان باوەڕ ناکەم کەسێکی خاوەن ویژدان و عەقڵ هەبێت حاشا لەوە بکات کە هۆکاری سەرەکی لە دابڕانی ئەو ناوچانە و سووربوونی دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا لەسەر بەردەوام بوونی تەعریب و تەگەرە خستنە سەر رێگای هەنگاوە سەرەتایەکانی دەستپێکردنی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانە، نەوت نەبێت، هەروەها کەسێکی خاوەن ویژدان و زانایش نییە نکۆڵی لەوە بکات کە جەختکردنی کورد لەسەر ئەم هۆکارە وەکو ماکی تەعریب و کارەساتەکانی، مافی رەوای خۆی نەبێت. بۆ عەیبو شەرم و تاوان بێت پڕ بەدەم بە سەرانی ئێراق و هاوکارانیان بێژین: بەڵێ نەوتە هۆکاری پێداگرتنی ئێوە لەسەر تەعریب...!
بە پێچەوانەوە نەخستنەڕووی ئەم هۆکارە و شاردنەوەی و سوورنەبوون لەسەر ئاشکراکردنی، هەڵەیەکی گەورەیە. ئەمریکا بۆ نەوت هاتووە و نەوتی دەوێت و، ئەوا چوار ساڵە زیاتر لە یەک ملیۆن کەسی گەلانی ئێراق بە کوردیشەوە، بوونەتە قۆچی قوربانی، بە ملیۆنیش بریندار و سەقەت و بە ملیار دۆلار زەرەرو زیانی ماددی و دیکەش لە ئێراق و لە کوردستان و لە ناوچەکە و لە خودی ئەمریکا کەوتووە، کەچی نە شەرم دەکات و نەپێی عەیبە، سەرانی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا جەختی لەسەر دەکەنەوە. ئەوە عەرەبی ئێراق، بە بیر و هەڵوێستی کۆن و نوێیانەوە، بزانە چەند سوورن لەسەر تەعریب و چۆن قەڵس دەبن ئەگەر کورد باسی نەوتی خۆی بکات، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو، تاوانباریان دەکەن بە تاوانێک کە ئەوان خۆیان، وەکو هۆکاری سەرەکی تەعریب،

باسی ناکەن..!!

کام نەتەوە و میللەت و رژێم و دەسەڵات و سەرکردە، دەستی لە سەروەت و سامانی میللەتەکەی بۆ خەڵکی دیکە هەڵگرتووە، یان بە تاوانی بزانێت هۆکاری سەرەکی تراژیدییەکانی ئەوسا و ئێستای بگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری راستەقینە، کاتی هاتووە ئەگەر زۆر درەنگیش نەبێت، سەرانی فەرمی کوردستان راستییەکان وەکو خۆی باسکەن و، دۆست و دوژمن بزانێت نەوت و غازە گرفتی سەرەکیمان و، مافی خۆمانە سووربین لەسەری و ، خەڵکی کوردستانی پێ تەیار بکەن. ئەو میللەتەی ئاگای لە سەروەت و سامانی خۆی نەبێت و دەستی پێیەوە نەگرێت و بەرگری لێ نەکات، دەخورێت... و دەیخۆن..

مێژووی ئەم پرۆژە یاسایە دەگەڕێتەوە بۆ پێش قۆناغی «رزگاری»و «داگیرکردنی» ئێراق لە 2003، ئەودەم نەخشەکێشانی سەرەکی بۆ قۆناغی پاش«رزگاری»ئێراق کە بە«پرۆژەی ئایندەی ئێراق»ناودەبرا، لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، بەڕێوە دەچوو. سەرەتای دەستپێشخەرییەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەکانی زیاتر لە 17 گرووپی کاری«مانگی نیسانی ساڵی 2002»ی واشنتۆن و لەندەن. هەریەک لەو گرووپانە پێکهاتبوون لە 10 ـ 20 پەناهەندەی ئێراقی و بەشداری پسپۆرانی بیانی، کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا یەکە بە یەکەیانی هەڵبژاردبوو.

ئەم بابەتە لە رۆژنامەی خەبات بەشێوەی زنجیرە لە 2007/5/28 تا 2007/6/1 بڵاوبۆتەوە..